# جیهانی سۆفیا




ئامادەکردنی
سەردەم

ئێمە وا ڕاهاتووین مێژووی فەلسەفە، وەک لێکۆڵینەوەو سەردێکی مێژوویی بخوێنینەوە. تەنها بەشێوە ئەکادیمی و زۆر قورس و گرانەکەی ئەم بابەتەمان بەرچاو کەوتووە، کە زۆر جاران حەوسەڵەی تەواوکردنیمان نەبووە، یان توانای تێگەیشتنمان بەو ئاستە نەبووە تا لە جەوهەری بابەتەکە بگەین.

بەڵام هەنووکە ڕێتمی ئەم بابەتە دەگۆڕێت و مێژووی فەلسەفە دەبێتە ڕۆمان و خوێنەرانیش دەتوانن وەک تێکستێکی ئەدەبی ناوازە، بیخوێننەوەو چێژی لێ ببینن. ئەم کارەش ئەدیبێکی وڵاتی نەرویج دەیکات، بە ناوی «یۆستان گاردەر»ەوە. «گاردەر» مامۆستای فەلسەفە و تیۆلۆژیا و سستمی بیرە لە زانکۆی ئۆسلۆ. نوسەرێکی ناوداری جیهانەو ڕەنگە لەگەڵ «پاولۆکۆیلۆ»

و نوسەری ڕۆمانی هاری پۆتەردا، کتێبەکانیان پڕ فرۆشترین کتێب بێت. ئەم پیاوە جگە لەم کتێبەی چەندین کتێبی دیکەی بە چاپ گەیاندووە، لەوانە: (مایا، کچەی پرتەقاڵ، نهێنی پشودرێژی و... هتد)، بەڵام هیچ کتێبێکی هێندەی جیهانی سۆفیا نێوبانگی بۆ پەیدا نەکردووە. ئەم کتێبەی کە ڕۆمانێکە سەبارەت بە مێژووی فەلسەفە، بۆ زیاتر لە (٥٥) زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراوەو خۆشبەختانە زمانی کوردی یەکێکە لەوانە.

بەر لە دەرچونی ئەم کتێبە مێژووی فەلسەفە تەنها ئەوانەی ئەکادیمی بوون و سەروکاریان لەگەڵ فیکر و فەلسەفەدا هەبوو، دەیانتوانی تێی بگەن و بیخوێننەوە، بەڵام دەرچونی ئەم کتێبەی «گاردەر» ئەو ڕێسایە دەشکێنێت و مێژووی فەلسەفە لە موڵکی توێژێکی دیاریکراوەوە، دەکاتە مادەیەک بۆ هەموان.

سەربوردەی ڕۆمانەکەشی وا دەست پێدەکات. «سۆفیا» کچە خوێندکارێکی سەرەتاییە، ڕۆژێک لە خوێندگا دەگەڕێتەوەو سندوقی پۆستەکەی دەکاتەوە، دەبینێت نامەیەکی تێدایەو بۆ خۆی هاتووە، لەسەر زەرفی نامەکە نوسراوە: (سۆفیا ئامۆندنسن). سۆفیا دەرگا لە خۆی دادەخات و نامەکە دەکاتەوە، نامەکە پارچە کاغەزێکی بچکۆلەی تێدایە و هیچی تر. لەسەری نوسراوە تۆ کێیت؟ جیهان چۆن دروست بووە؟

هەر بەڕاستیش ئەو وەڵامی ئەم پرسیارەی لانەبوو.

ئەم دوو پرسیارە کەینونی و میتافیزیکیە، دەبنە سەرەتای دڵەڕاوکێ و پەرۆشیەکی زۆر بۆ سۆفیا و لە وەڵامدانەوەیان دەگەڕێت. ئەمەش دەبێتە دەسپێکی سەفەرێکی دوور و درێژی ئەو لەگەڵ مێژووی فەلسەفەدا، سەفەرێک کە ئێمەی خوێنەریش لەگەڵ خۆیدا دەبات، چونکە لە ڕاستیدا ئەو پرسیارانە تەنها «سۆفیا» بە خۆیانەوە خەریک ناکەن، بەڵکو دوو پرسیاری ئەزەلین و هەموو مرۆڤێکی هۆشیار لە ساتەوەختێکی ژیانیدا، ڕووبەڕویان دەبێتەوە. «سۆفیا» بەرلەوەی گەشت بە مێژووی فەلسەفەدا بکات، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی، دەیەوێت بزانێت خودی فەلسەفە خۆی چییە، چونکە ئێمە بەر لەوەی لە مێژووی شتێک بزانین، دەبێت شتەکە خۆی بناسین. واتە داخڵ بوون بە مێژووی فەلسەفە، پێویستی بەوەیە بزانین فەلسەفە چییە؟

لێرە بەدواوە ئیتر ئێمە قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ «سۆفیا» و پرسیارەکانیدا دەڕۆین، لە ئەفسانەکانەوە بۆ ئەسینا، لەوێوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانس و سەردەمی ئێستامان. سیحری ئەم کتێبە ئەوەیە کە هەم ئەدەبە و هەم مێژوو، هەم حیکایەتە و هەم فیکر.